# ئاڕاستەکانی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بەڕادەی پابەندبونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان به ئیتیکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستاندا- توێژینەوەیەکی مەیدانییە

**ئازاد عبدالعزیز محمد**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین –هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:**azad.mohammed1@su.edu.krd

**طاهر حسۆ زێباری**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین– هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** tahir.zebari@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ زانین و دیاریکردنی ئاڕاستەکانی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بەڕادەی پابەندبونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەئیتیکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستاندا، کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە سەرجەم دەستەبژێری میدیایی ئەوانەی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەرپرسیارێتیی و ئەزمونی کارکردنییان هەیە و ئەوانەشی هەڵگری بڕوانامەی باڵان و مامۆستان لە بەشەکانی میدیا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، نمونەی توێژینەوەش بەشێوەی هەڕەمەکی مەبەستدار وەرگیراون لە مامۆستایانی زانکۆ لە سەرجەم بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ژمارەیەک میدیاکاری بەئەزمون یان ئەوانەی بەرپرسی دامەزراوەیەکی میدیایین.

گرنگترین ئەو ئەنجامەی توێژینەوەکە پێگەیشتوە بریتییە لەوەی زۆرینەی نمونەی توێژینەوە لەگەڵ ئەوەدان ناوەڕۆکی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان تێکەڵێکە لە حاڵەتی پابەندبون بەبنەما ئیتیکییەکان بەتایبەتی لە خستنەڕوی زانیارییەکان و خۆدورگرتن لە گەورەکردنی ڕوداوەکان، هەروەها پابەندنەبون بە بنەما ئیتیکییەکان بەتایبەتی لە پابەندنەبونی بە خستنەڕوی ڕاوبۆچونی جیاواز و ئاماژەدان بە سەرچاوەی زانیارییەکان.

**کلیلە وشەکان:** ئاڕاستە، دەستەبژێری میدیایی، ئیتیکی پیشەیی، پێگەی ئەلیکترۆنی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەر ئاڕاستەکانی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە ڕادەی پابەندبونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستاندا. کە ئەمرۆ دەبینرێت پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەک پێویست پەیڕەوی ئیتیکی پیشەی میدیایی ناکەن و بابەت و زانیارییەکان بەپێی سیاسەتی خۆیان بڵاودەکەنەوە، ئەمەش وایکردوە، کە ئاڕاستەکانی بواری ڕۆژنامەگەری کوردی بەلاڕێدا بڕوات. کە پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی جدی هەیە، بۆ ئەوەی لەو ئاریشانە ڕزگاربکرێت و بخرێتەوە سەر سکەی حەقیقەتی خۆی و بە شێوەیەکی پیشەی و پرۆفیشناڵی کار بکات.

## ئەم توێژینەوە لەم سێ تەوەرەی خوارەوە پێکدێت:

## تەوەری یەکەم: چوارچێوەی گشتیی میتۆدی توێژینەوە:

### یەکەم: ڕەهەند و ڕێکارەکانی توێژینەوە:

### ١- کێشەی توێژینەوە:

پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەشێکی گرنگی نەخشەی میدیایی لە کوردستان پێکدەهێنن و، وەکو سەرچاوەیەکی دیاری بڵاوکرنەوەی هەواڵ و ناوەرۆکی میدیایی هەژمار دەکرێن. زیادبونی ڕۆڵ و کاریگەریی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە کوردستان وادەخوازێت، هەڵوەستەیەک بکەین لەسەر ڕادەی پابەندبونی ئەو پێگانە بە بنەماکانی پیشەییەکان، بەوپێیەی ئەو بنەمایانە، پێوەری ڕێکخەرن بۆ هەر کارێکی میدیایی بەشێوەیەکی گشتی و کاری میدیایی ئەلیکترۆنی بەتایبەتی، کە پابەندنەبون پێیانەوە، دەبێتە هۆی دەرچونی زۆرێک لە میدیا و میدیاکاران لە بەها و ئادابی گشتیی کۆمەڵگە، لاوازبونی بەرپرسیارێتیی یاسایی و کۆمەڵایەتی دامەزراوە میدیاییەکان لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا. کارێکی لەو جۆرەش سەردەکێشێت بۆ پاشەگەردانی و لەڕێلادانی زۆر و زەوەند لە کاری ڕۆژانەی میدیای ئەلیکترۆنییدا. لەم ڕوانگەیەوە، **کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییەلە:** دیاریکردنی ئاڕاستەی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە ئاستی پابەندبونی پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکان بە بنەماکانی ئیتیکی پیشەیی.

### ٢- گرنگیی توێژینەوە:

**ئەم توێژینەوەیە لە دو ئاستدا گرنگیی خۆی هەیە:**

**یەکەم: ئاستی زانستی و ئەکادیمی:** لە بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەکان لە بواری ئیتیکی میدیا و میدیای نوێدا زۆر بەکەمی ئاوڕی لێدراوەتەوە؛ ئەمەش ئەوە دەخوازێت بە ئەندازەی ڕۆڵ و کاریگەریی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر پێگە و ڕەوشی میدیای کوردی لە لایەک و، دیدگا و ئاڕاستەی دەستەبژێری میدیایی لەهەمبەر پابەندبونی ئەو پێگانە بە ئیتیکی پیشەیی لەلایەکەی دیکەوە، هەوڵی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

زاستیی شایستە بخرێتەگەڕ، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی قەبارەی کێشەکە و چۆنێتیی چارەسەر و مامەڵەکردن لەگەڵیدا.

**دووەم: لەسەر ئاستی پراکتیکی و پیشەیی:** ئەنجامی توێژینەوە زانستییەکان زۆر جار ڕەنگدانەوەی ئەرێنیی دەبێت لەسەر باشترکردن و ڕاستکردنەوەی ڕەوتی کارکردنی ئامرازەکانی میدیا لەسەر ئەرزی واقیع. ئەگەر هات و ئەو ئەنجامانەی توێژینەوە زانستییەکان بەهەند وەربگیرێن، ئەو ڕۆڵە تەواوکارییەش لە بەرژەوەندیی بەرەوپێشبردنی ئەزمونی ڕۆژنامەنوسیی پێگە ئەلیکترۆنییەکان تەواو دەبێت.

## ٣- ئامانجەکانی توێژینەوە:

١-دیاریکردنی ڕادەی پشتبەستنی دەستەبژێری میدیایی، بە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان.

٢- دەرخستنی ڕادەی پابەندبونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی لە ڕوانگەی دەستەبژێری میدیاییەوە.

٣- زانینی ڕادەی پابەندبونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و یاسایی لە ڕوانگەی دەستەبژێری میدیاییەوە.

٤- دەستنیشانکردنی هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر پێشێلکردنی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ ئیتیکی پیشەیی.

٥- دیاریکردنی ئەو گرفتانەی لە پێشێلکردنی ئیتیکی پیشەییەوە لەلایەن پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانەوە دروست دەبن.

## ٤-پرسیارەکانی توێژینەوە

١- تا چ ڕادەیەک دەستەبژێری میدیایی، پشتی بە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەستوە؟

٢- لەڕوانگەی دەستەبژێری میدیایی:

ا- ڕادەی پابەندبونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی چەندە؟

ب- ڕادەی پابەندبونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە بەرپرسیارێتیی یاسایی چەندە؟

ج- ڕادەی پابەندبونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی چەندە؟

٥- هۆکارەکانی پێشێلکردنی ئیتیکی پیشەیی لەلایەن پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە ڕوانگەی دەستەبژێری میدیاییەوە چین؟

٦- ئەو گرفتانەی لە پابەندنەبونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی دروست دەبن چین؟


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## 5-جۆر و میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەكی وەسفییە. لەم توێژینەوەیەدا سود لە میتۆدی ڕوپێوی وەرگیراوە.

## ٦- كۆمەڵگەی توێژینەوە:

كۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە سەرجەم دەستەبژێری میدیایی ئەوانەی لە پێگە ئەلیكترۆنییەكان بەرپرسیارێتیی و ئەزمونی كاركردنییان هەیە و ئەوانەشی هەڵگری بڕوانامەی باڵان و مامۆستان لە بەشەكانی میدیا لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان.

## ٧- نمونەی توێژینەوە:

نمونەی توێژینەوە بریتیین لە دەستەبژێری میدیایی هەرێمی كوردستان. لەم توێژینەوەیەدا سامپڵێكی مەبەستدار (العینة العمدیةPurposive Sample) لەكۆمەڵگەی توێژینەوەكە وەرگیراوە، كە لە دو توێژی سەرەكی پێكدێن، **ئەوانیش:**

**١-مامۆستایانی زانكۆ:** لە سەرجەم بەشە ڕاگەیاندنەكانی زانكۆ و پەیمانگاكانی هەرێمی كوردستان، كە لەهەردو ڕەگەزی( نێر و مێ) پێكهاتون و ژمارەیان (٧٦) وەرگیراون.

**٢- میدیاكار:** لە بەشی دوەم نمونەی توێژینەوەكەدا، ئەو میدیاكارانە وەرگیراون، كە لە دامەزراوە میدیایی و پێگە ئەلیكترۆنییە كوردییەكان، بە شێوەیەكی پرۆفیشناڵ كاردەكەن و ژمارەیان (٧٧) میدیاكار پێكهاتوە، بەمەش كۆی گشتی نمونەی توێژینەوە (١٥٣) كەسە.

## ٨- بوارەكانی توێژینەوە:

**ئەم توێژینەوەیە بەسەر چوار بواری جیاوازدا دابەشبوە، ئەوانیش:**

**١-بواری بابەتی:** پەیوەستە بە ئاڕاستەكانی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە ڕادەی پابەندبونی پێگە ئەلیكترۆنییە كوردییەكان بە ئێتیكی پیشەیی لە هەرێمی كوردستاندا دەگرێتەوە.

**٢-بواری شوێن:** ئەم توێژینەوەیە لە هەرێمی كوردستان ئەنجام دراوە، بۆ دەستەبژێری میدیایی دەزگاكانی ڕاگەیاندن. هەروەها سەرجەم ئەكادمیسانی بەشە ڕاگەیاندنەكانی زانكۆ و پەیمانگاكانی هەرێمی كوردستان.

**٣-بواری كات:** توێژەر ماوەی توێژینەوەكەی، لە نێوان ٢٠٢١/١/١ تا ٢٠٢١/٤/١.

**٤-بواری مرۆیی:** بریتییە لە وەرگرتنی دەستەبژێری میدیایی كە لە دامەزراوەكانی میدیایی لە هەرێمی كوردستان كاردەكەن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## ٩- کەرەستەکانی توێژینەوە:

لە **فۆرمی پرسیارنامەکە پێکدێت لە دو بەشی سەرەکی؛ بەشی یەکەم** تایبەتە بە پرسیارە گشتییەکان، سەبارەت بە تایبەتمەندییە دیموگرافییەکانی نمونە توێژینەوە، بەشی دوەم بریتییە لە (٩) تەوەر، کە هەر تەوەرێک چەندین بڕگەی جیاجیا لەخۆدەگرێ. فۆرمەکەش بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی بەسەر نمونەی توێژینەوەکە دابەشکراوە.

## دوەم: چەمکەکانی توێژینەوە:

**لەم توێژینەوەیەدا ژمارەیەک چەمک بەکارهاتون لەوانە:**

### ٢-١- ئاڕاستە(direction):

ئاڕاستە لەم توێژینەوەیەدا بریتییە: لەو چەمکەی کە گوزارشت لە بەرژەوەندیی پەسەندکراوی تاکەکانی نمونەکە لەبارەی بەکارهێنانیان و خواست و هزریان لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان دەکات.

### ٢-٢- دەستەبژێری میدیایی(Media elite):

دەستەبژێری میدیایی: لەم توێژینەوەیە مەبەست لە دەستەبژێری میدیایی بریتییە لەو کەسانەی بەرپرسیارێتییەکی پیشەییان هەیە لەنێو دەزگایەکی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان. هەروەها ئەو میدیاکارانەش کە ئەزمونێکی دور و درێژیان هەیە لەکاری میدیایی، هەروەک مەبەست لێی مامۆستایانی زانکۆن لەبەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان کە بەشێکی بەرچاوی ئەوانیش جگە لەوەی هەڵگری بڕوانامەی بەرزن لە بوارەکە، لە هەمان کاتدا، کاری میدیایی دەکەن، یان ئەزمونی کارکردنیان هەیە، لە دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمدا.

### ٢-٣- پابەندبون(commitment):

پابەندبون لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە: ڕەهەندی ئیتیکی یان ئەرکێکی جێگیر، کە میدیاکار پەیوەست دەکات بە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە و بەردەوامبونی لەسەری، بۆ بەرژەوەندیی ئەو ئامرازە میدیایە، یان بۆ بەرژەوەندییەکی دیاریکراو و، بەرپرسیارە لەو کارە و، ناکرێت دەستی لێهەڵگرێت یان سەرپێچی لە ئەدای ئەو کارەدا بکات، **وەک:** بەخشینی شتێک یان ڕاپەڕاندنی کارێک، بە ڕەچاوکردنی باوەڕی، وردبینی، بابەتیبون، هاوسەنگیی دادپەروەری و پاراستنی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە لە ئامرازەکانی میدیای ئەلیکترۆنیدا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**٢-٤- پێگە ئەلیکترۆنییەکان(websites):**

پێگەی ئەلیکترۆنی: لە کۆمەڵێک دۆسیەی تۆڕی فراوانی جیهانی پێکهاتوە و، خاوەن پەیوەندییەکی هاوشێوەی بەیەکەوەبەستراوی تێکچرژراو لەنێو خۆیاندا، کە لەلایەن تاکێکەوە یان کۆمەڵە کەسێکەوە یاخود کۆمپانیایەکی تایبەت بەم بوارەوە دیزاینکراوە، کە جگە لە بابەت و ڤیدیۆ، توانیویەتی پەخشی وێب تیڤی، ڕادیۆی ئەلیکترۆنی و پۆتکاست و لەخۆبگرێت؛ لە ڕێگەی پێگەوە بەرنامەکانیان ئاراستەی کۆمەڵگە بکات و تاکەکانیش وەک بەکاربەر سودی لێ وەرگرن.

**٢-٥- ئیتیکی پیشەیی**(Professional ethics):

بریتییە لە ژمارەیەک بەها و بنەما، کە میدیاکار لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ میدیایی ئەلیکترۆنی پێیەوە پابەندە؛ وردی لە بڵاوکردنەوە و بەدواداچون بەر لە بڵاوکردنەوە، هاوسەنگی و بێلایەنی و، پارێزگاری لە مافی خاوەندارێتی لەخۆدەگرێت.

## سێیەم: توێژینەوەکانی پێشو:

١- (محەمەد ٢٠١٩) لە توێژینەوەکەیدا لەژێر ناوی "هەڵسەنگاندنی ئیتیکی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە هەرێمی کوردستان "(2016 – 2007)" لە ئێران زانکۆی تاران ئەنجامی داوە.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە "داڕشتن و گەڵاڵەکردنی مۆدێلێک لەپێناو ناسین و هەڵسەنگاندنی پێوەرەکانی ئیتیک لە بواری ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستانی عیراق." ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ تاوتوێ و خستنەڕوی پێوەرەکانی ئیتیک و داڕشتنی مۆدێلێکی گونجاو بۆ متمانەی ئیتیکی ڕۆژنامەگەری لەمڕۆدا، لەبەرئەوە (میتۆدی گراوندد تیۆری) بەکاردەهێنین. میتۆدی کۆکردنەوەی داتاکانیش، لەڕێگەی سازدانی هەڤپەیڤینی قوڵ و ئۆرگانیزەکراو ئەنجام دراوە، ڕێبازی شرۆڤەی داتاکانیش هەرسێ قۆناغی کۆدگوزاری (کراوە، تەوەرەیی، بژاردە)یە.

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە: (پسپۆڕان و شارەزایان، سەرنوسەرانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، کۆمەڵێک مامۆستای بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان).

لەم توێژینەوەیەدا هەڤپەیڤین لەگەڵ (١٦) سەرنوسەر، پسپۆڕی میدیا، مامۆستایانی ئەکادیمی و ڕۆژنامەنوسانی پڕئەزمونی بواری میدیا لە هەرێمی کوردستان سازدراوە، لەنێو ئەم هەڤپەیڤینانەدا (٨١٥) کۆدی سەرەتایی، (٣٠٤) کۆدی دوەمی و (١٤٤) کۆدی سەرەکی تێدا بژاردەکراوە، پاشان (٣٢) چەمک و گوزارشتی سەرەکی لەسەر بنەمای ئەو کۆدانە داڕێژرا کە بەسەر (٥) پێنج چین و دەستەدا پۆلێنکراون، دواتر لایەنە جۆراوجۆرەکانی مۆدێلێک گەڵاڵەکرا لەپێناو هەڵسەنگاندنی ئاستی متمانەی ئیتیکی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان.

ئەنجامەکانی توێژینەوە ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە ئەو کۆدانەی گوزارشت لەم بۆچونە دەکەن بریتین لە:"بڵاوکردنەوەی هەر جۆرە بابەتێک پێویستی بە بەرپرسیارێتی هەیە، ڕۆژنامەنوسان لەهەمبەر کۆمەڵگە و ویژدانی خۆیاندا لەڕوی ئیتیکەوە بەرپرسیارن، ڕێزگرتنی جەماوەر و ڕۆژنامەگەری لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

یەکتر بەرپرسیارێتییەکی دولایەنەیە". ئەم کۆدانەش بەرپرسیارێتی نێوان ڕۆژنامەنوس و کۆمەڵگە و بواری میدیای لەهەمبەر یەکتردا هێناوەتەئارا.

٢- (شهرزاد ٢٠١٩) لە توێژینەوەکەیدا لەژێر ناوی"**اخلاقيات الممارسة الصحفية في ظل الميديا الجديد"دراسة ميدانية تحليلية على عينة من الصحفيين الجزائريين":** لە جەزائیر ئەنجامی داوە، بە ئامانجی زانینی ڕادەی پابەندیی میدیاکاران بە ئێتیکی میدیا، زانینی ڕادەی بەکارهێنانی پێگەکانی میدیای نوێ وەک سەرچاوەی هەواڵ لەلایەن میدیاکارانەوە. دەرخستنی پەیوەندیی نێوان ئێتیکی کاری میدیای و بەکارهێنانی پێگە نوێیەکانی میدیا لەلایەن میدیاکارە جەزائیرییەکان، زانینی گرنگترین ئەو سەرپێچییانەی کە میدیاکار لە میدیای نوێ دەیکات و، دانانی کۆمەڵە بنەمایەکی ئێتیکی نوێ، کە هاوڕا بێت لەگەڵ کاری میدیا لە میدیای نوێدا.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، توێژەر پشتی بە میتۆدی وەسفیی شیکاری بەستوە. هەروەها ئامرازی فۆرمی ڕاپرسیی وەک ئامرازێکی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری بەکارهێناوە، کە بە شێوەی ئەلیکترۆنی دابەش کراوەتە سەر نمونەیەک لەو میدیاکارە جەزائیرییانەی بە شێوەیەکی فەرمی کار لە کەرتی میدیا دەکەن؛ چ ڕۆژنامە، ڕادیۆ، یاخود تەلەفزیۆن؛ ژمارەشیان بە ١٥٠میدیاکار خەمڵێنراوە. وەک نەخشەڕێگەیەکیش بۆ سەرخستنی توێژینەوەکە، پشتی بە هەردو تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و تیۆری ئەرکی ئێتیکی بەستوە.

## دیارترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:

١-میدیاکاران لەو باوەڕەدان، کە زۆربەی ئەو کاریگەرییانەی میدیای نوێ خستویانەتەوە سەر ئێتیکی میدیایی، بۆ پارێزگاریکردن لە نهێنی بەکارهاتون، وەک پاراستنی شکۆی مرۆڤ و، ئاستی وردیی هەواڵ و ڕاستگۆیی و، دواجار چارەسەری بابەتییانەی هەواڵەکان.

٢-زۆرینەی میدیاکاران وەڵامیان داوەتەوە، کە ناوەندەکانی میدیای نوێ کاریگەرییان لەسەر کاری میدیایی هەیە. لەسەر ئاستی بڵاوکردنەوەشدا لە پلەی یەکەمە، ئینجا لەسەر ئاستی دەستکەوتنی هەواڵەکان و جۆراوجۆریی سەرچاوەکانی دێن، بەپێی بەدیهێنانی پێشینە ڕۆژنامەنوسی.

٣-ژمارەیەکی زۆری میداکاران دەڵێن: کە بۆ ئێتیکی کاری میدیا لە سایەی میدیای نوێدا، پێویست بە کردنەوەی خولی ڕاهێنان دەکات بۆ میدیاکاران. سەبارەت بە بەکارهێنانی ئێتیکییانەی پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەندێک بەڕاشکاوانە دەڵێن: پێویستە وانەی ڕێساکانی بەکارهێنانی پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەشەکانی میدیا لەسەر ئاستی زانکۆکان بگوترێنەوە. بەشێکی دیکە پێیان وایە کە پێویستە میدیاکاران میساقی ئێتیکی بۆ کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دابنێن.

٣- (العتيبي ٢٠١٦) لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی "**المسؤولية الأخلاقية للإعلام الجديد في مواقع الصحف الإلكترونية في المملكة العربية السعودية، دراسة ميدانية":** لە سعودیە ئەنجامی داوە، بەمەبەستی ئاشنابون بە بەهاکانی بەرپرسیارێتیی ئێتیکی لە پێگەکانی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکانی سعودی، جەختکردنە سەر ڕادەی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

پابەندبونی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکانی سعودی بە بەرپرسیارێتیی ئیتیکی. دیاریکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتیی ئیتیکی لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکانی ئەو وڵاتە.

لەو توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی بەکارهاتوە. بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری، توێژەر فۆرمی ڕاپرسیی بەکارهێناوە وەک ئامرازی توێژینەوەکە. کۆمەڵگەی توێژینەوە لە جەماوەری سعودی لە شاری ڕیاز پێکدێت، لەبەر گەورەیی قەبارەی کۆمەڵگە، نمونەی توێژینەوەکە بە ڕێگەی مەبەستدار (العمدي) وەرگیراون، لەوانەی بایەخ بە پێگەکانی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان دەدەن و، ژمارەی کەسانی وەرگیراویش (٦٠٠) کەس بون.

## گرنگترین ئەنجامەکان:

١-ڕونبۆتەوە کە نمونەی توێژینەوەکە "زۆر کۆکن" لەگەڵ ئاراستەی هەبونی بەهاکانی بەرپرسیارێتیی ئیتیکی لە پێگەکانی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان، ناوەندی ژمێریاریی ئەم تەوەرە (٤,٦١ لە ٥,٠٠). گرنگترین بەها داواکراوەکانیش بریتین لە: بەهای ئەمانەت لە گواستنەوەی زانیاری لە کەسانی تر، بەهای ڕاستگۆیی، بەهای دەستپاکی.

٢-نمونەی توێژینەوە وا دەبینن کە ڕادەی پابەندبونی پێگە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکانی شانشینی عەرەبیی سعودی بە بەرپرسیارێتیی ئیتیکی بەڕادەی "بێلایەنی"ی ناوەند، گەیشتۆتە (٣,١٧ لە ٥,٠٠). گرنگترین بەهاکانی پابەندبون بریتیبون لە: بەهاکانی ئینتیمای نەتەوەیی، بەهاکانی ڕێزگرتنی یەکتر لە نێوان کارمەندان، هاندانی کارمەندان لەسەر دەستپاکی بۆ بەدیهێنانی بەرپرسیارێتیی ئیتیکی).

٣-لەو توێژینەوەیەدا ڕونبوەتەوە کە نمونەی توێژینەوەکە ڕەزامەندن بە ئاراستەی هەبونی ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتیی ئیتیکی لە پێگەکانی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکاندا. ناوەندیی ژمێریاری ئەم ڕەزامەندییەش گەیشتۆتە (٤,١٠ لە ٥,٠٠). گرنگترین ئەو ئاستەنگانە بریتین لە: نەبونی توانای کاری میدیا لای هەندێ بڵاوکەرەوان و، هەروەها هەندێ لە بڵاوکەرەوان بە دوای ناوبانگدا دەگەڕێن لە مەیدانی کاری بڵاوکردنەوەی باسە ئابڕوچونەکان و، گرنگیدان بە ڕێکخستنی ئیتیکی بڵاوکردنەوەی میدیاکار لە پێگەکانی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لە ئاستێکی لاوازدایە).

٤- (Solangi, iftikhar 2018) لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی "Practices of Electronic Media and Its Alignment with Code of Ethics"* لە زانکۆ و ویلایەتی گوجارات لە وڵاتی هندستان ئەنجامیان داوە، بەمەبەستی خستنەڕو ڕاستی و یەکسانی و دادپەروەری و ڕاستگۆیی و بەرپرسیارێتیی میدیا و پەیوەستبونی میدیای ئەو ویلایەتە بە ئیتیکی پیشەیی.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی سێگۆشەی توێژینەوەی(Triangulation Research) بەکارهێناوە، ئەمەش لە بەکارهێنانی ڕوپێوی و شیکردنەوەی ناوەڕۆک و، هەروەها بەکارهێنانی ئینتەرڤیو بۆ جێبەجێکردنی

* پراکتیزەکردنی میدیای ئەلیکترۆنی و ڕێگە ڕاستەقینەکەی لەگەڵ کۆدی ئیتیکی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

دیراساتەکان بەکارهاتون. مەبەستیش لە ترینگولیەشین ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی تەحقیقکردن لە پرسیارەکانی توێژینەوەکە، بەکارهێنانی زیاتر لە میتۆدیک بۆ ئەوەی ڕاستی و دروستیی دەرەنجامەکان بۆ بەدەرکەوێت.

کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە ویلایەتی گوجاراتە لە وڵاتی هندستان کە بریتییە لە ١٢٠ کەس، بە نیوەی هەردو ڕەگەزی نێر و مێ ٤٠ کەس لە کۆلێژەکانی زانکۆکانی گوجاراتە و ٤٠ قوتابیی زانکۆی گوجارات و ٤٠ کەسیش کەسانی ئاسایی دەڤەرەکە وەرگیراون. هەروەها لەم توێژینەوەدا تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەکارهاتوە.

## دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە:

حکومەت زۆر جەخت لەسەر ناوەرۆکی ئیتیکی ئەو شتەی لە کەناڵ و پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا نیشان دەدرێت ناکاتەوە. لایەنگیریی سیاسیش زۆر بە ئاشکرا هەستی پێدەکەی و لەو میدیانە دەبینی. هەر بۆیە تەماشاکەرانیش لە ناوەرۆکی ئەو کەناڵانە هیچ جۆریک لە ئیتیک پەیرەو ناکەن.

ئەم توێژینەوەیە سەپۆرتی تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دەکات، کە دەڵێت "میدیای ئەلیکترۆنی ئازادە لە پەخشکردن"، بەڵام دەبێت بەپێی چەند یاسا و ڕێسایەک بێت. لە هەمان کاتیشدا دەبێ ناوەڕۆکی ئەو میدیایە لە پانێلی ئاشکرا بە شێوەی جەماوەری گەنگەشە بکرێت و، دەبێت میدیاش ڕازی بێت بەو ئیلتزاماتانەی بەرامبەری، بە دەستوەردانی خەڵکی، یان هەر ئەو پسپۆرانەی کە شارەزان لە بابەتی یاسایی.

## تەوەری دوەم: ئیتیکی پیشەیی و میدیایی ئەلیکترۆنی

### یەکەم: بنەماکانی بەرپرسیارێتیی پیشەیی و ئیتیکی بۆ میدیای ئەلیکترۆنی:

بنەماکانی بەرپرسیارێتیی پیشەیی و ئیتیکی بۆ میدیای ئەلیکترۆنی، کە پێویستە دامەزراوەکانی میدیایی و میدیاکاران پێیەوە پابەندبن، **ئەوانیش بریتین لە:**

١- **پابەندبون بەرامبەر مافی کۆمەڵگە لە زانین:** هەڵسان بە ڕوماڵکردنێکی گشتگیر و قوڵ بۆ ڕوداوەکان؛ پێشکەشکردنی شیکارییەکانی ڕوداوەکان بە پشتبەستن بە سەرچاوەی فرەجۆر و، پێشکەشکردنی دیدگای جیاواز دەربارەی ڕوداوەکان، بە جۆرێک توانستی جەماوەر لە وەرگرتنی بڕیاری دروست زیاد بکات و، بەشدارییەکی ئەرێنیی لە کاروباری گشتیدا هەبێت (رضا، ٢٠١٢: ٢٧).

**٢- گەڕان بە دوای ڕاستییەکان:** پابەندبونی ڕۆژنامەنوسی میدیای ئەلیکترۆنی بە پرۆسەی گەڕان و بەدواداچون بۆ ڕاستییەکان، هەروەها هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی دروست؛ ئینجا زانیارییەکان بڵاوبکرێنەوە (صالح، ٢٠٠٧: ٣١٢).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

هەر یەک لە "پاترسن و ویلکیسن" پسپۆرانی بواری میدیا دەڵێن "هیچ لە پێناسەکردنی "ڕاستی" قورستر نییە، چونکە زانیاری لە تەواوی دنیا بەخێرایی پێمان دەگات؛ ئەمەش بەدەرە لە توانای ئێمە کە ڕاستییەکان دەستنیشان بکەین. کێشەی مۆدێرنەی "ڕاستی" ئەوەیە میدیای ئێستا جەماوەرێکی گلۆباڵی هەیە (Burns, 2002: 23)، واتە، ئەو فاکتانەی میدیا پێشکەشیان دەکات لە ڕوی جۆگرافی و کەلتورییەوە لێکدانەوەی جیاجیایان بۆ دەکرێت، لەبەر ئەوەی جەماوەری میدیا فرەکەلتور و فرە ناوچەی جوگرافین"(Patterson, et al., 2019: 24). بەڵام ئەوە ئەمە ناگەیەنێت کە بە دوای ڕاستی نەگەڕێین و زانیارییەکان وەک خۆی ئاراستەی جەماوەر نەکەین. بۆیە "شوڵتز" باوەڕی وایە ئەولەویەتی میدیاکار بریتییە لە نوسینی بێلایەنانە، سەربەخۆیی سیاسی و بەتەنگەوەهاتنی جەماوەر. ئەو پێی وایە وازهێنان لە پرەنسیپی پیشەییبون لە بواری میدیایی؛ واتە، ڕۆژنامەنوسییەکی ناکاملی ئەوتۆ کە وەڵامدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبێ بۆ پەیامنێر و سەرنوسەر و ئێدیتۆر و دەرهێنەر، کە ئەمە وا دەکات ئەمانە ببن بەلا و بارگرانی بۆ چەرخی زانیاری(Schultz, 1994: 37).

٢- **بابەتیبون و دادگەری**: پێویستە میدیاکاری ئەلیکترۆنی، هەواڵ و زانیارییەکان بە شێوەیەکی دادگەرانە و بێلایەن بڵاوبکاتەوە، هەروەها بەها بنچینەییەکانی پەیوەست بەم بوارە، یاخود بە میدیای ئەلیکترۆنی زیادبکات(فريدة و حياة، ٢٠١٩: ٣٨٠)؛ بۆیە"نەعۆم چۆمسکی" دەڵێ: "ئێمە پێویستە پابەندبین بەو بنەما ڕەوشتییە ڕاستییانە کە ئێمە وای پیشان دەدەین ڕێزیان لێدەگرین"(چۆمسکی، ٢٠١٨: ١١٠). بەڵام "بەداخەوە لەم سەردەمەدا کە تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن لە ئاستێکی یەکجار بەرزدایە، پەیامی ڕاگەیاندن لەڕوی "بابەتیبون و هاوسەنگی و بێلایەنی"یەوە، هاوتەریب نییە لەگەڵ ئەو گەشەسەندنەدا، بەڵکو زۆر جار پێچەوانەکەی ڕاستە"(عەلی، ٢٠١٩: ١٠).

٤- **دەستپاکی لە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوەکان**: لێرەدا ناکرێت میدیایی ئەلیکترۆنی سیفەتی ڕۆژنامەنوسییەکەی خۆی لە سەرچاوەکان بشارێتەوە و فێڵیان لێبکات. هەروەها ناکرێت ئەو سەرچاوانەش ئاشکرا بکات؛ ئەگەر بە ئاشکراکردنی ئەو سەرچاوانە زیانیان پێبگات؛ وێڕای بڵاونەکردنەوەی شوناسی ئەو سەرچاوانەی کە داوای ئاشکرانەکردنی ناوەکانیان دەکەن؛ هەروەها میدیای ئەلیکترۆنی بۆ دڵنیابون لە دروستی و ڕاستیی هەواڵەکەی، دەبێت پشت بە فرە سەرچاوەیی ببەستێت (الفلاحي، ٢٠١٤: ٢٧٥).

جۆن هێرسی (John Hersey)، ڕۆژنامەنوسی کۆچکردو و ڕۆماننوسی خاوەنی خەڵاتی "پۆڵتزەر"، ئەو ڕۆژنامەنوسەی ئاسەوارەکانی بۆمبارانی ئەتۆمیی شاری هیرۆشیمای ژاپۆنی گواستەوە دەڵێ: ڕۆژنامەوانی، بنەمایەکی پیرۆزی هەیە: نابێت نوسەر هیچ شتێک لە خۆیەوە هەڵبەستێت؛ پێویستە ئەو مۆڵەتەی بەسینگییەوە هەڵیدەواسێت لێی نوسرابێت: هیچ شتێک هەڵنابەستێت(Potter, 2006: 55).

جیم هول (Jim Hall) دەڵێ: *"پێگە ئەلیکترۆنییەکان بونەتە بەشێک لە ئابوریی میدیای نوێ کە بە تەنها کارناکات وەک ئەڵقەی پەیوەندی، بەڵکو پرۆسەی گەیاندن خێرا دەکات و ڕوداو و چیرۆکەکان بەپەلە یان*


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

*ماوەیەکی زۆر کورت بە هەمو جیهاندا بڵاودەکاتەوە. لە ڕاستیدا کاتێک ڕاگەیاندکارەکان هەواڵێک بڵاودەکەنەوە، هەتا ئەگەر وەک هەواڵی پشتڕاستنەکراوە پێشکەش بکرێ، ڕاستی و دروستیی خودی هەواڵەکە شایانی دوپاتکردنەوەیە*"(Hall, 2001: 131).

**٥- بەڕێوەبردنی گفتوگۆی ئازادانە دەربارەی پرس و ڕوداوەکان:** میدیای ئەلیکترۆنی لە توانایدایە بوارێکی گەورە بە جەماوەر بدات؛ بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی ئازاد لەبارەی پرس و ڕوداوەکان بەڕێوەببات، کە ئەمەش لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی دەرفەتەکانە بۆ جەماوەری وەرگر تاوەکو بیروبۆچون و کۆمێنتەکانیان سەبارەت بە پرس و ڕوداوەکان بخەنەڕو(رضا، ٢٠١٢: ٢٨).

**٦- جیاکردنەوەی ماددەی نوسین و ڕیکلام:** دڵنیابون لە لێکجیاکردنەوەی نێوان ڕیکلام و بابەتە میدیایەکان لە ڕوی شێوە و شێوازی بڵاوکردنەوە، یان لەڕوی ناوەڕۆکەوە؛ هەروەها کارکردن لەسەر ڕێگەنەدان بە خاوەن ڕیکلامەکان کە دەستێوەردان لە ناوەڕۆکی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان دەکەن، بە جۆرێک کاریگەریی خراپ لەسەر بابەتیبون و بێلایەنی و وردیی ئەو بابەتانە بەجێبهێڵێت، کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بڵاویدەکەنەوە(مزید، ٢٠١٣: ١٥٠).

**٧- لێپیچینەوە:** پێویستە میدیاکارانی ئەلیکترۆنی درک بەوە بکەن، کە ئەوانیش دوچاری لێپێچینەوە دەبن لەسەر پیشەکەیان و ئەو کارەی بەرامبەر جەماوەر دەیکەن؛ بۆیە لەسەر میدیاکارانە وەک میدیاکارانی ئەلیکترۆنی، لەسەر ئەم پیوەرانە پاڵپشتیی هەمو میدیاکارانێکی ئەلیکترۆنی و خودان دامەزراوە میدیاییەکان بکەن، هاوکات، بەدەم ئێش و ئازاری خەڵکەوە بچن؛ بەدواداچون بۆ گلەییەکانیان بکەن، لە هەمان کاتدا هەڵەکانیان چاکبکەنەوە و، گرنگیی پێبدەن هاوشێوەی گرنگیی ڕاپۆرتەکان و، پرۆسەی کاری میدیایی بۆ خەڵک ڕونبکەنەوە، بە تایبەت ساتێک کە لە پێوەندی کاری میدیایی چەند پرسێک دەوروژێندرێت و پرسیار لای جەماوەر دروست دەکات (کنعان، ٢٠١٤: ١٦٩-١٧٠).

**٨- کارکردن لەسەر پاراستنی کۆمەڵگە لە لادان و گەندەڵی:** ئەمیش لە پێوەندی بەرەوپێشبردنی میدیای بەدواداچون و، دۆزینەوەی ئەو زانیارییانەی، کە کۆمەڵگە لە لادان و گەندەڵی دەپارێزێت (الفلاحي، ٢٠١٤: ٢٧٦).

**٩- وردبینی:** وردبینی گوزارشتە لە: تاوتوێ و شەنوکەوکردنی بابەتەکان؛ لێهاتویی لە پرۆسەی ناسینەوەی هەڵەکان؛ پاراستنی ڕەسەنایەتی لە ڕێگەی پرس و ڕاوێژەوە؛ دانپێدانان بە هەڵەکان و ڕاستکردنەوەیان؛ ناسینی ڕاستییە بنەڕەتییەکان بەر لە بڵاوکردنەوەیان(محمد، ٢٠١٩: ١٧١).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**١٠- ڕاستگۆیی:** پێویستە میدیای ئەلیکترۆنی بەبەردەوامی هەوڵ بدات ڕاستییەکان بەدەست بهێنێت و لەو چوارچێوەیەدا ڕاستییەکان پێشکەش بکات. هەروەها میدیاکاری ئەلیکترۆنی بەردەوام هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان دەدات و، لە دژی هەر بەلاڕێبردنێکدا دەگەڕێت، کە لە گرنگیی ڕوداوەکە کەم بکاتەوە. ئەو، ئاماژە بە سەرچاوەکان دەکات، کە بابەتەکانیان لێ وەرگیراون. هیچ شتێک بڵاوناکاتەوە کە دەزانێت هەڵەیە یان ناڕاستە. نابێت بە هیچ شێوەیەک دەستکاریی دەنگ و وێنە بەمەبەستی شێواندن بکات(العزي، ٢٠٢٠: ٨٦-٨٧). سەرەڕای ئەمە، میدیاکاری ئەلیکترۆنی، "زانیاریی هەڵە بڵاوناکاتەوە و، وتارگەلێک ناونوسێت کە پشتی بە گریمانە یان ئەگەرێکی بێبنەما بەستێت"(کەلاری، ٢٠١٣: ٣٣).

**١١- شەفافبون:** گواستنەوەی ڕوداوەکان وەک ئەوەی هەیە لە واقیع و، بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ، بێ بونی هیچ ترس و سڵەمینەوەیەک لەسەر کارەکانیان؛ تاوەکو گەل و دەسەڵاتی فەرمی ئاگاداری ناوەڕۆکی ڕوداوەکان بین؛ ئەمە وێڕای گواستنەوەی مافی هاووڵاتیان و، ئێش و ئازار و کێشەکانیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ بەرپرسەکان؛ هاوکات گواستنەوەی بیروڕای بەرپرسە فەرمییەکان بۆ گەل(خلیل، ٢٠١٥: ٢١٧-٢١٨).

**١٢- بەرگریکردن لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگە:** پێویستە لەسەر میدیاکار و کەسانی بواری ڕاگەیاندن، خۆیان بپارێزن لەوەی لە ئەفسانە و خەیاڵی بەتوانای خۆیاندا نوقم ببن، چونکە ئێتیک و ئاکار بریتییە لە کەسێتی و ڕۆشنبیری و پێوەرێکی جێگیر نییە بۆ دیاریکردنی؛ هەروەها ئامرازێکی دیاریکراونییە بۆ پێشکەشکردن، یان دەرخستنی پەیامێکی تایبەت. عەقڵێکی کراوە و بەردەوامبون لە گەڕان بە دوای هەستکردن بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و بە خێرایی وەرگرتنی ئەو بیروبۆچونانەی تایبەتن بە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە و خزمەتکردنی مرۆڤایەتی و پارێزگاریکردن لە سەروەریی کەسێتی میدیاکار، ئەمانە چەند خاڵێکی ڕێپیشاندەری گونجاون لەم بارەوە(هستر و تو، ٢٠٠٧: ١٦١).

ستانلی (Stanley) دەڵێ: میدیاکارانی پرۆفیشناڵ بەرپرسیارێتییەکی کۆمەڵایەتییان هەیە، چونکە بەهۆی کاریگەریی ئەو کارەی کە ئەوان ئەنجامی دەدەن، لەوانەیە زیاتر لە هەمو پیشەگەرانی دیکەی بوارەکانی تر بەرپرسیارێتییەکی گەورەتریان لەسەر شان بێت (Baran, 2014: 368).

پسپۆری بواری میدیای ئەلیکترۆنی "عەلی عەبدولفەتاح" دەڵێ: پێویستە هەمیشە وا دابنێی، کە میدیاکارە ئەلیکترۆنییەکان پەیوەستن بە ئەرکە ئێتیکەکانەوە؛ بۆیە میدیاکاران نابێ هیچ فەرمانێک دەربکەن، یاخود فەرمانبەران هانبدەن کە کارێک ئەنجام بدەن ناچاریان بکات ڕەفتاری نائێتیکی بنوێنن. پێویستە لە هەمبەر سکاڵایە ئێتیکەکانیان زۆر بەشێنەیی گوێچکەکانیان بۆ فەرمانبەران شل بکەن؛ هەمیشە کەشێکی ئارام بۆ گفتوگۆ بخولقێنن؛ هەوڵ بدەن پاڵپشتیی فەرمانبەران دەست بخەن؛ هاوکات شانسی زیاتر بۆ فەرمانبەران بخەنە بەردەست تاوەکو بتوانن بڕیاری ئێتیکیی دروست بدەن(کنعان، ٢٠١٤: ١٧٠).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

دەیڤید ئارانت (David Arant) و، جانا ئەندرسۆن(Janna Anderson) لە توێژینەوەیەکی ڕوپێویدا، کە لە ساڵی ٢٠٠٠ لەسەر دەستەی نوسەرانی میدیای ئەلیکترۆنی ئەنجامیاندا، بۆیان دەرکەوتوە "کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان فەرمانبەرێکی کەم بۆ ئەنجامدانی کارێکی بێشومار و بەرپرسیارێتییەکی گەورەی گەیاندندا دادەمەزرێنن. لە میدیای ئەلیکترۆنی، میدیاکار تەنها کارێک ناکات و تایبەتمەندنییە بە بوارێکی دیاریکراو هاوشێوەی ڕۆژنامەی کاغەزی. میدیاکاری ئەلیکترۆنی چەندین کاری تێکگیراو دەکات، ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی ئامادە دەکات، ئەو وێپانە سازدەکات کە لە پێگەی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنرێت، بەدواداچون بۆ کۆمێنتی جەماوەر دەکات و، داتابەیسی تایبەت بە جەماوەری بەکاربەری پەیجەکەی دەخاتەڕو؛ هاوکات بە بەردەوامی کار لەسەر دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی پەیام دەکات؛ هەوڵ دەدات دڵنیابێ لەو پەیامەی کە بۆ جەماوەر دەنێرێت و، زیان بە جەماوەرەکەی ناگەیەنێت(مسعود، ٢٠١٩: ٥).

وێڕای هەوڵدانی بۆ وەرگرتنی ئاگادارییەکان و ڕیکلامەکان بۆ پەیجەکەی و، دیزاینکردن و بڵاوکردنەوەیان، ماوەی کاری میدیای ئەلیکترۆنی لە نێوان ٨-١٠ کاتژمێر دەبێت. ژمارەی ئێشکگریان کەمە لەچاو ئەوانەی کاردەکەن؛ لەبەرئەو پاڵەپەستۆیە داراییەی کەوتۆتە ئەستۆیان؛ کە ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ئەدای کارکردنیان دەبێت. ئەم پاڵەپەستۆیە زۆرە و، نەبونی پسپۆریەتی، وا لە میدیاکاران دەکات بکەونە هەڵەوە؛ بەتایبەت دەربارەی وردی و بابەتیبون، کە هەمو ئەمانەش کێشەی پیشەیی دروست دەکەن و، دەبێتە مایەی سەرپێچیکردنی بەشێک لە پێوەرەکانی ئێتیکی پیشەیی (اسماعیل، ٢٠١٦).

کەواتە، خاوەن میدیای ئەلیکترۆنی زۆر لە خەمی دەستکەوتنی زۆرترین سەردانیکارە بۆ پەیجەکەی تاوەکو زۆرترین داهات دەستەبەر بکات؛ کە ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی دەبێت لەسەر بواری مەیدانی و، بەهاکەی و، کوالیتییەکەی.

## دوەم: گرنگیی ئێتیکی پیشەیی میدیای ئەلیکترۆنی

لە سایەی بڵاوبونەوەی پێگە ئەلیکترۆنییەکان و زیادبونی جەماوەرەکەی، پرسی پەیوەستبونی ئێتیکی میدیای ئەلیکترۆنی بە بنەمای ئێتیکی، پێویستییەکی حەتمییە و ناکرێت دەستبەرداری ببین. هەڵبەت، میدیای ئەلیکترۆنی هەمان ئێتیکی میدیایی گشتییە کەوا لە دەزگاکانی میدیا و کۆمیونیکەیشنی جەماوەری کلاسیکییە. سەرباری بونی جیاوازییەکی بەرچاو لە سروشتی کاری میدیای ئەلیکترۆنی و کلاسیکیدا؛ بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە میدیاکاری ئەلیکترۆنی پەیوەست نەبێت بە بنەما ئێتیکەکان.

ئەو بنەما ئێتیکییانە بریتین لە کۆمەڵێک بەها، کە کاری ڕۆژنامەوانی ئاراستە دەکەن و، سنوری کارەکەی ڕێکدەخەن. ئەم بنەما ئێتیکییانەش لەسەر کۆمەڵێک بەهای کەسایەتی و پیشەیی و کۆمەڵایەتی و ئێتیکی بنیاددەنرێت؛ هاوکات پەیوەستە بە بەرپرسیارێتیی میدیایی بنەڕەتی؛ ئەم بەرپرسیاریەتەش دەکەوێتە ئەستۆی میدیاکاران لە ساتی گواستنەوەی زانیاری و هەواڵ بە شێوەیەکی ورد و دروست و بە ویژدان و ئەمانەت و ڕاستگۆییەوە(قریعي، ٢٠١٨: ١٨٧).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

لەم سۆنگەیەوە، تیشکخستنەسەر ڕەهەندی ئیتیکی لەلایەن میدیای ئەلیکترۆنیەوە بە پیرۆزترین ئەرکەکانی هەژماردەکرێت. میدیای ئەلیکترۆنی بەرپرسە بەرامبەر جەماوەر، دواتر بەرپرسە بەرامبەر کۆمەڵگە (سمرة، ٢٠٠٩: ٢٠٦-٢٠٧). هەڵبەت بەرپرسیارێتیی ئیتیکیی زۆر گەورەی لەسەرە، لە میانەی قەبەکردنی هەواڵ و زانیارییەکان؛ یان شاردنەوەی هەواڵ و زانیاری لە جەماوەردا، کە ئەمەش بە قێزەوەنترین یاریکردن بە ئەقڵی مرۆڤ هەژماردەکرێت؛ هاوکات بە قێزەونترین کرداری لێڵکردن و بەلاڕێبردن و پێشێلکردن دێت، کە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئیتیکی پیشەیی میدیاکار یەکترناگرێتەوە.

برکۆڤ (Brkov )یش جەختی لەسەر ئەمە کردۆتەوە و دەڵێ: ئیتیکی میدیایی، کۆمەڵە بنەما و پێوەرێکی ئاکاری و میدیاییە پەیوەست بە ڕەفتار و شکۆ و ناوبانگ و شەرەفی پیشەیی کەسی ڕۆژنامەنوسەوە هەیە؛ بە شێوەیەکی گشتیش مافەکانی میدیاکار و سروشتی پیشەکەیان لەبەرچاو دەگرێ، ئەوجا بەرژەوەندی و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە (عومەر، ٢٠١٢: ٤٦)، لەبەرئەوەی پابەندنەبونی میدیای ئەلیکترۆنی بە ئیتیکی پیشەیی میدیایی مەترسییەکی گەورە لەسەر کۆمەڵگە و، پراکتیزەی کاری میدیایی لەسەر ئینتەرنێت دروست دەکات، هاوکات گەر میدیای ئەلیکترۆنی پەیوەست بێت بە ئیتیکی میدیایی کەشێکی پڕ لە متمانە لە نێوان خۆی و جەماوەر دروست دەکات؛ بەم جۆرە لە گەیاندنی پەیامەکەی بۆ جەماوەر سەرکەوتو دەبێت.

بۆیە لە بواری وردبینییەوە پەیمانگای بونیتەر ئەوە دەردەخات کە نوسەرانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان پەیمان دەدەن کە هەردەم زانیارییەکان ڕاست و دروستن و بەبەردەوامیش نوێ دەکرێنەوە. ئەوانەی پەیوەستن بەو کارانە پێگیری بەوە دەکەن، کە پێش ئەوەی زانیارییەکان بڵاوبکەنەوە زانیارییەکان هەڵدەسەنگێنن؛ بە تایبەتی لەڕوی وربینی و پسپۆرییەکی باشەوە پێشکەوتوترین پێوەری تێدا بەکاردەهێنن (رضا، ٢٠١٢: ٢٤).

بونی ئیتیکی میدیایی، کاری میدیایی پوخت دەکات و، چەندین ئامانجی ئینتەرنێتی دێنێتە ئاراوە لە بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکان و، زانیارییەکان و، خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی لە کەشێکی پڕ لە ئازادیی ڕادەربڕین و بیر و، دروستکردنی یاسا و ڕێسای پتەو بۆ وشیاربونەوە زاڵکردنی ئەقڵ و، ڕەسانەیەتیکردنی ویژدانی ڕۆژنامەوانی بۆ هەمو ئەوانەی لەم جۆرە ڕۆژنامانە کاردەکەن، هەمو ئەمانەش دێتەدی، ساتێ میدیاکاران مل نەدەنە ئەو پاڵەپەستۆیانەی کە ڕۆژنامەکانیان بەرەو هەڵدێر دەبات (المشابقة،٢٠١٢: ١٠٠)، چونکە "وەک ئەسڵێک، ڕۆژنامەنوس هەرچەند ژیانی دابینتربێ، بۆ پاراستنی ئەسڵە ئەخلاقییەکان ئامادەیی زیاتری هەیە" (راندال، ٢٠١٣: ١٨٨).

دەتوانین بڵێین پەیوەستبونی میدیای ئەلیکترۆنی بە یاسا و ڕێساکانی ئیتیکی، تاکە ڕێگای گرنگە بۆ پارێزگاریکردن لە پیرۆزیی کاری میدیایی و، ناوبانگی و سەرکەوتویی خودی میدیاکار و ئەو میدیایەی کە کاری تێدادەکات؛ هەروەها گەرەنتی بەردەوامیی سەرکەوتوی کاری میدیاکار دەکات لەگەڵ جەماوەرەکەی خۆیدا. بۆیە پەیوەستبون بە یاسا و ڕێساکانی ئیتیکی، پێویستییەکی حەتمییە بۆ سەرکەوتویی و بەردەوامبونی کاری میدیایی لەسەر ئینتەرنێت، بەرەنگاڵەیی شێوە و قۆناغەکانییەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

"کوین و لامبل" دەڵێن: ئینتەرنێت و پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە سەرچاوەی زۆر باش بۆ میدیاکاران دادەنرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی بەردەوامیدان بەو شۆڕشەی کە ئێمە لە ڕێگەیەوە دەتوانین پەیوەندی بکەین و بەدوای شتەکان بگەڕێین، بەڵام ئینتەرنێت و پێگە ئەلیکترۆنییەکانیش وەک هەر شتێکی تر لە ژیاندا، لایەنی باشی و خراپی خۆی هەیە. زۆر جار ئەستەمە شتەکان لێکجیا بکەیتەوە. لە واقعدا لەو کاتەی ئینتەرنێت و پێگە ئەلیکترۆنییەکان بونەتە گەنجینە یان کەنز بۆ ڕۆژنامەنوسان، لە هەمان کاتیشدا وەک کێڵگەیەکی مین وایە لەڕوی یاساییەوە (Quinn & Lamble, 2008: 127).

ئیتیکی پیشەی میدیایی وا دەکات، چاودێریکردنی بەربەستێکی خودی بێت؛ وا لە میدیاکار دەکات خاوەن ویژدان بێت و، هەوڵی وەرگرتنی زانیاری و هەواڵی دروست لە سەرچاوەی خاوەن میسداقیەتی دروست بدات؛ تاوەکو متمانەی جەماوەر بۆ خۆی بەدەست بێنیت. هەستکردنی میدیاکار بە بەرپرسیاریێتی، ناکرێت هەمیشە بخرێتە ژێر هێزی یاساوە؛ بەڵکو لە چاودێریکردنی ویژدانی خۆی و، پەیوەستبونی بەپێوەرە پیشەییە باڵاکانەوە دێت. چەندە میدیاکار ڕاستگۆ بێ لەگەڵ پیشەکەی و، پیشەکەی خۆی خۆش بوێت و، پەیوەست بێ بە یاسا و ڕێساکانی میدیایی، ئەوەندە متمانەی خەڵک بەدەست دەهێنێت؛ جا ئەم متمانەیە لە شوێنی کارەکەی، یان جەماوەر بێت.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە ئیتیکی میدیایی لە کارە بنەڕەتییەکانی کاری میدیایی دادەنرێت لە میدیای ئەلیکترۆنیدا؛ چونکە ئەو کەموکوڕییەی پردەکاتەوە کە لە دەرەنجامی زاڵبونی پەیامەکانی ئازادیی ڕەها هاتۆتە ئاراوە و، بوەتە هۆی ئەوەی هەندێک لە ڕۆژنامەکان ئەم هەلە بقۆزنەوە و، کاری میدیایی بەرەو هەڵدێری ئیتیکی ببەن.

## تەوەری سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە:

### یەکەم: پرسیارە گشتییەکان:

#### ١- ڕەگەز:

**خشتەی(١)**

**ڕەگەزی نمونەی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە**

| ژ | ڕەگەز | دوبارە | % |
|---|---|---|---|
| ١ | نێر | 110 | 71.9% |
| ٢ | مێ | 43 | 28.1% |
| | **کۆی گشتی** | 153 | 100.0% |

لەم خشتەیەدا ئەوە ڕون دەبێتەوە، کە زۆربەی نمونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی نێرن بە ڕێژەی (71.9%) لە پلەی یەکەمدایە، ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی(28.1%) لە پلەی دوەمدایە.هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەستەبژێری میدیایی و ئەکادیمی ڕەگەزی نێر لە مێ لە کوردستان زیادترن، خاڵێکی دیکە کەمترخەمی ڕەگەزی مێ، کە فۆرمەکە نەیانگەڕاندەوە، کە بە شێوەی ئەلیکترۆنی بۆیان نێردرابو.

#### ٢- تەمەن:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**خشتەی(٢)**

**ڕەگەزی نمونەی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە**

| ژ | تەمەن | دوبارە | % |
|---|---|---|---|
| ١ | 20-29 | 16 | 10.5% |
| ٢ | 30-39 | 58 | 37.9% |
| ٣ | 40-49 | 52 | 34.0% |
| ٤ | 50-59 | 22 | 14.4% |
| ٥ | 60+ | 5 | 3.3% |
| **کۆی گشتی** | | 153 | 100.0% |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت زۆرینەی نمونەی توێژینەوە تەمەنیان لە نێوان(٣٠-٣٩) ساڵیدایە بەڕێژەی(37.9%)پلەی یەکەمی وەرگرتوە. هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان(٤٩-٤٠) بەڕێژەی(٣٤.٠٪) پلەی دوەمدایە، بەڵام ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان(59-50)ساڵیدان بە ڕێژەی(14.4%) لە پلەی سێیەدا دێن، کەچی ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان(٢٠-٢٩)دایە بە ڕێژەی(١٠.٥٪) پلەی چوارەمدایە، ئەوانەی کەمترین ڕێژەیان هێناوە تەمەنیان لە(٦٠)ساڵی زیاترە، بە ڕێژەی(٣.٣٪) خۆی لە کۆتایی پلە دەبینێتەوە.

ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت، ئەو گۆڕاوەی لە پلەی یەکەم دێت، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە میدیاکاری پیشەیی و دەستەبژێری میدیایی پێویستی بە هەوڵ و کوششێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی بتوانێتن بگات بە هەواڵ و زانیارییەکان، ئەم تەمەنەش لە هەرەتی پێگەیشتوی و لێهاتوی دایە، بۆیە ڕێژەکەی لە هەمویان زێدەترە.

**٣- پیشە:**

**خشتەی(٣)**

پیشە نمونەی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە

| ژ | پیشە | دوبارە | % |
|---|---|---|---|
| ١ | میدیای چاپکراو | 12 | 7.8% |
| ٢ | میدیای بینراو | 30 | 19.6% |
| ٣ | میدیای بیستراو | 8 | 5.2% |
| ٤ | میدیای ئەلیکترۆنی | 27 | 17.6% |
| ٥ | ئەکادیمی | 76 | 49.7% |
| **کۆی گشتی** | | 153 | 100.0% |

لەم خشتەیەدا ئەوە ڕون دەبێتەوە، دابەشبونی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی تایبەتمەندی پیشە، پیشەی ئەکادیمی بەڕێژەی(٤٩.٧٪) پلەی یەکەمی وەرگرتوە، پیشەی میدیای بینراویش بە ڕێژەی(١٩.٦٪) لە پلەی دوەمدایە، پیشەی میدیای ئەلیکترۆنی بەڕێژەی(١٧.٦٪) بە پلەی سێیەم دێت، هەروەها پیشەی میدیای چاپکراوە بەڕێژەی(٧.٨٪) لە پلەی چوارەمدایە، بەڵام پیشەی میدیای بیستراوە بە ڕێژەی(٥.٢٪) کەمترین ڕێژەی هێناوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ئەم ئەنجامەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نمونەی توێژینەوە بە تایبەت دەستەبژێری ئەکادیمییەکان زیاترن لە دەستەبژێری میدیاکار لە هەرێمی کوردستان.

**٤- ئاستی خوێندن:**

**خشتەی(٤)**

**ئاستی خوێندن نمونەی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە**

| ژ | ئاستی خوێندن | دوبارە | % |
|---|---|---|---|
| ١ | دبلۆم | 13 | 8.5% |
| ٢ | بەکالوریۆس | 51 | 33.3% |
| ٣ | ماستەر | 52 | 34.0% |
| ٤ | دکتۆرا | 37 | 24.2% |
| | **کۆی گشتی** | 153 | 100.0% |

لەم خشتەیەدا، دەردەکەوێت، زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە ئەوانەی ماستەریان هەیە بە ڕێژەی(٣٤.٠٪)بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها ئەوانەی خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسن بەڕێژەی(٣٣.٣٪) پلەی دوەمی وەرگرتوە، کەچی ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی دکتۆران بە ڕێژەی(٢٤.٢٪) لە پلەی سێیەمدایە. خاوەن بڕوانامەی دبلۆمیش کەمترین پلەیان بە ڕێژەی(٨.٥٪) وەرگرتوە.

**٥- کاتەکانی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان:**

**خشتەی(٥)**

کاتەکانی بەکارهێنانی پێگە ئەلکترۆنیەکان لای نمونەی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە

| ژ | کاتەکانی بەکارهێنانی | دوبارە | % |
|---|---|---|---|
| ١ | <1 | 17 | 11.1% |
| ٢ | 1-3 | 80 | 52.3% |
| ٣ | 3-6 | 32 | 20.9% |
| ٤ | >6 | 24 | 15.7% |
| کۆی گشتی | | 153 | 100.0% |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە، ئەوانەی لە نێوان ساعات (١-٣) بەڕێژەی (52.3%) پلەی یەکەمی وەرگرتوە، لە ساعات (٣-٦) نمونەی توێژینەوە بەڕێژەی (٢٠.٩٪) پلەی دوەمدایە، ئەو یەکانەی کە لە ساعات (٦) زیاتر پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردەهێنن بە پلەی سێیەم دێت، کەمترین پلەش ئەوانەن، کە لە یەک (١) کاتژمێر کەمتر بە ڕێژەی (١١.١٪) پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردەهێنن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

### ٦- بەرپرسیارێتیی پیشەیی:

**خشتەی(٦)**

دوبارەبونەوەی ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەی و ڕێژەی لەگەڵ بو لە ڕادەی پابەندبونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە بەرپرسیارێتیی پیشەیی لای نمونەی توێژینەوە دیار دەکات

| ژ | بڕگەکان | هیچ لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدا نیم | | نازانم | | لەگەڵدام | | زۆر لەگەڵیدام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵ بوون٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | |
| 1 | پشت بە سەرچاوە نەنێردەکان نابەستێت | 14 | 9.2% | 40 | 26.1% | 16 | 10.5% | 55 | 35.9% | 28 | 18.3% | 3.28 | 1.28 | 65.62% |
| 2 | بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانە، کە هاندان بێت دژی گروپێکی فیکری، یان سیاسی. | 12 | 7.8% | 50 | 32.7% | 15 | 9.8% | 56 | 36.6% | 20 | 13.1% | 3.14 | 1.23 | 62.88% |
| 3 | ناو و زاراوە کوردییەکان بەکاردێنێت بۆ وەسفکردنی ڕووداو و شوێنە مێژووییەکان. | 14 | 9.2% | 56 | 36.6% | 28 | 18.3% | 38 | 24.8% | 17 | 11.1% | 2.92 | 1.19 | 58.43% |
| 4 | ئەو زانیارییانە بڵاو ناکاتەوە، کە هانی ڕەگەزپەرستی و تایفەگەری دەدات. | 9 | 5.9% | 51 | 33.3% | 21 | 13.7% | 60 | 39.2% | 12 | 7.8% | 3.10 | 1.13 | 61.96% |
| 5 | بابەتی ڕیکلام و بابەتی میدیایی لە یەك جیا ناکاتەوە. | 17 | 11.1% | 71 | 46.4% | 22 | 14.4% | 37 | 24.2% | 6 | 3.9% | 2.63 | 1.09 | 52.68% |
| 6 | ڕەچاوی بەرژەوەندی و ئاسایشی نیشتمانی دەکات. | 13 | 8.5% | 38 | 24.8% | 23 | 15.0% | 63 | 41.2% | 16 | 10.5% | 3.20 | 1.18 | 64.05% |
| 7 | لە ڕوماڵی ڕووداوەکاندا پابەندی ئەمانەت پارێزی دەبێت. | 8 | 5.2% | 32 | 20.9% | 24 | 15.7% | 71 | 46.4% | 18 | 11.8% | 3.39 | 1.10 | 67.71% |
| 8 | ئەبوونی هاوسەنگی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکاندا. | 16 | 10.5% | 66 | 43.1% | 23 | 15.0% | 39 | 25.5% | 9 | 5.9% | 2.73 | 1.13 | 54.64% |
| 9 | پشت بە سەرچاوەی زانیاریی جۆراوجۆر دەبەستێت. | 14 | 9.2% | 54 | 35.3% | 22 | 14.4% | 55 | 35.9% | 8 | 5.2% | 2.93 | 1.14 | 58.56% |
| 10 | بابەتەکانی هەواڵ جیادەکاتەوە لە بابەتەکانی ڕاوبۆچوون. | 5 | 3.3% | 41 | 26.8% | 27 | 17.6% | 61 | 39.9% | 19 | 12.4% | 3.31 | 1.10 | 66.27% |
| 11 | پابەند نییە بە خستنەڕووی ڕاوبۆچوونی جیاواز. | 16 | 10.5% | 57 | 37.3% | 24 | 15.7% | 45 | 29.4% | 11 | 7.2% | 2.86 | 1.17 | 57.12% |
| 12 | ئاماژە نادات بە ناوی ئەو سەرچاوانەی زانیاریی لێوەرگرتوون. | 14 | 9.2% | 63 | 41.2% | 21 | 13.7% | 44 | 28.8% | 11 | 7.2% | 2.84 | 1.16 | 56.73% |
| 13 | پابەندە بە خستنەڕووی زانیارییەکان وخۆدوورگرتن لە گەورەکردنی ڕووداوەکە، یان بەش بەشکردنی. | 7 | 4.6% | 33 | 21.6% | 29 | 19.0% | 64 | 41.8% | 20 | 13.1% | 3.37 | 1.10 | 67.45% |
| 14 | پارێزگاری ناکات لە وردی و بابەتیبوون و مسداقیەت. | 23 | 15.0% | 66 | 43.1% | 24 | 15.7% | 30 | 19.6% | 10 | 6.5% | 2.59 | 1.16 | 51.90% |
| 15 | پارێزگاری لە پاراوی زمانی کوردی دەکات. | 11 | 7.2% | 46 | 30.1% | 13 | 8.5% | 53 | 34.6% | 30 | 19.6% | 3.29 | 1.28 | 65.88% |
| 16 | وەك ئامرازێك بۆ پروپاگەندەی سیاسی بەکاردێت. | 48 | 31.4% | 66 | 43.1% | 10 | 6.5% | 20 | 13.1% | 9 | 5.9% | 2.19 | 1.19 | 43.79% |
| | کۆ | | | | | | | | | | | 2.99 | 1.16 | 59.73% |

لەم خشتەیەدا، کە تایبەتە بە ڕادەی پابەندبونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە بەرپرسیارێتیی پیشەیی لای نمونەی توێژینەوە، زۆرینەی نمونەی توێژینەوە لە برگەی "لە ڕومالّی ڕوداوەکاندا پابەندی ئەمانەت پارێزی دەبێت"، بە ڕێژەی (٦٧.٧١٪) (٣.٣٩) لە پلەی یەکەمدا دێت، هەروەها برگەی "پابەندە بە خستنەڕوی زانیارییەکان و خۆدورگرتن لە گەورەکردنی ڕوداوەکە، یان بەش بەشکردنی"، بە ڕێژەی (٦٧.٤٥٪) (٣.٣٧) پلەی دوەمی وەرگرتوە. برگەی "بابەتەکانی هەواڵ جیادەکاتەوە لە بابەتەکانی ڕاوبۆچون"، بە ڕێژەی (٦٦.٢٧٪) لە پلەی سێیەمدایە. کەچی برگەی "وەک ئامرازێک بۆ پروپاگەندەی سیاسی بەکاردێت" لە دواین پلە دێت بە ڕێژەی (٤٣.٧٩٪). لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی لەم خشتەیەدا خراونەتەڕو، ناوەندی ژمێریاریی بریتییە لە (٢.٩٩) و لادانی پێوانەیی (١.١٦)، لەگەڵ کۆی گشتی ڕێژەی لەگەڵبون کە دەگاتە (59.73%). بەمەش دەکرێ بڵێین پێوانەی لیکرتی لە ئاستێکی نزمدایە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## ٧- بەرپرسیارێتیی یاسایی:

### خشتەی(٧)

### دووبارەبونەوەی ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەی و ڕێژەی لەگەڵ بو لە ڕادەی پابەندبونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە بەرپرسیارێتیی یاسایی لای نمونەی توێژینەوە دیار دەکات

| ژ | پێوەرەکان | هیچ لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدا نیم | | نازانم | | لەگەڵدام | | زۆر لەگەڵیدام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵ بوون٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | |
| 1 | پێشێلکارییەکانی حکوومەتی فیدراڵ لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بڵاو دەکاتەوە. | 22 | 14.4% | 58 | 37.9% | 24 | 15.7% | 37 | 24.2% | 12 | 7.8% | 2.73 | 1.20 | 54.64% |
| 2 | پابەندە بە بەدواداچوونی پرسە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوکردنەوەی چیرۆکە مرۆڤایەتییەکان. | 11 | 7.2% | 64 | 41.8% | 25 | 16.3% | 47 | 30.7% | 6 | 3.9% | 2.82 | 1.07 | 56.47% |
| 3 | بڵاوکردنەوەی ناوی قوربانییان باش دڵنیابوون لە شووناسیان. | 11 | 7.2% | 52 | 34.0% | 29 | 19.0% | 50 | 32.7% | 11 | 7.2% | 2.99 | 1.12 | 59.74% |
| 4 | بەرگری لە ئازادی میدیا و مافی میدیاکاران دەکات. | 10 | 6.5% | 59 | 38.6% | 19 | 12.4% | 49 | 32.0% | 16 | 10.5% | 3.01 | 1.18 | 60.26% |
| 5 | پابەندە بە بڵاونەکردنەوەی وێنە و ناوی ئەو منداڵانەی ڕووبەڕووی پێشێلکاری بوونەتەوە، یاخود کارێکی پێچەوانەی یاسایان ئەنجامداوە. | 10 | 6.5% | 33 | 21.6% | 29 | 19.0% | 59 | 38.6% | 22 | 14.4% | 3.33 | 1.16 | 66.54% |
| 6 | داوای دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بە پرسەکانی بڵاوکردنەوە دەکات. | 10 | 6.5% | 46 | 30.1% | 35 | 22.9% | 45 | 29.4% | 17 | 11.1% | 3.08 | 1.14 | 61.70% |
| 7 | هەموو شێوەکانی سانسۆر لەسەر میدیا ڕەت دەکاتەوە. | 14 | 9.2% | 54 | 35.3% | 30 | 19.6% | 46 | 30.1% | 9 | 5.9% | 2.88 | 1.12 | 57.65% |
| 8 | پابەندە بە بڵاونەکردنەوەی وێنەی قوربانییان، بە شێوەیەك کاریگەری خراپ لەسەر دەروونی کەسوکاریان دروست بکات. | 6 | 3.9% | 38 | 24.8% | 30 | 19.6% | 57 | 37.3% | 22 | 14.4% | 3.33 | 1.12 | 66.67% |
| 9 | ڕێگادەدات بە بڵاوکردنەوەی دانپێدانانی تۆمەتباران لە کاتی لێکۆڵینەوەدا و لایەنگری دەکات بەوەی لەگەڵ، یان دژی تۆمەتبارەکەیە. | 9 | 5.9% | 52 | 34.0% | 44 | 28.8% | 39 | 25.5% | 9 | 5.9% | 2.92 | 1.03 | 58.30% |
| 10 | ڕێز لە مافی ڕەخنەگرتن و ئازادیی ڕاوبۆچوون دەگرێت. | 10 | 6.5% | 50 | 32.7% | 25 | 16.3% | 52 | 34.0% | 16 | 10.5% | 3.09 | 1.16 | 61.83% |
| 11 | پابەندنابێت بە مافی وەڵامدانەوە و ڕاستکردنەوە. | 16 | 10.5% | 55 | 35.9% | 27 | 17.6% | 46 | 30.1% | 9 | 5.9% | 2.85 | 1.14 | 56.99% |
| 12 | پابەندە بە بڵاونەکردنەوەی ناوزڕاندن و خراپە خستنەپاڵ و جنێودان. | 12 | 7.8% | 37 | 24.2% | 26 | 17.0% | 56 | 36.6% | 22 | 14.4% | 3.25 | 1.20 | 65.10% |
| 13 | ڕێگە نادات بە بڵاوکردنەوەی ئەو شتانەی پەیوەندیی بەکاری دادوەرییەوە هەیە، تاوەکو دەرچوونی حوکمی کۆتایی، پشتگیری لەسەربەخۆیی دادوەری دەکات. | 10 | 6.5% | 44 | 28.8% | 25 | 16.3% | 54 | 35.3% | 20 | 13.1% | 3.20 | 1.18 | 63.92% |
| 14 | ڕێز لە تایبەتمەندیی هاووڵاتی و فەرمانبەری گشتی دەگرێت. | 11 | 7.2% | 40 | 26.1% | 26 | 17.0% | 64 | 41.8% | 12 | 7.8% | 3.17 | 1.12 | 63.40% |
| 15 | کار ناکات بۆ داواکردنی پەرەپێدانی یاساکان لە هەرێمی کوردستان. | 15 | 9.8% | 52 | 34.0% | 27 | 17.6% | 47 | 30.7% | 12 | 7.8% | 2.93 | 1.16 | 58.56% |
| 16 | پابەندنابێت بە یاساکانی هەرێمی کوردستان، کە تایبەتن بە ڕۆژنامەگەری و گەیشتن بە زانیارییەکان. | 20 | 13.1% | 57 | 37.3% | 21 | 13.7% | 39 | 25.5% | 16 | 10.5% | 2.83 | 1.24 | 56.60% |
| 17 | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان پێشێلی مافی دانەرانی دەکەن. | 24 | 15.7% | 58 | 37.9% | 27 | 17.6% | 30 | 19.6% | 14 | 9.2% | 2.69 | 1.22 | 53.73% |
| 18 | خۆپارێزی لە هاندان و دنەدانی تیرۆریزم. | 16 | 10.5% | 44 | 28.8% | 52 | 34.0% | 31 | 20.3% | 10 | 6.5% | 2.84 | 1.07 | 56.73% |
| | کۆ | | | | | | | | | | | 3.00 | 1.15 | 59.93% |

لەم خشتەیەدا، کە تایبەتە بە ڕادەی پابەندبونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە بەرپرسیارێتیی یاسایی لای نمونەی توێژینەوە، زۆرینەی نمونەی توێژینەوە لە برگەی "پابەندە بە بڵاونەکردنەوەی وێنەی قوربانییان، بە شێوەیەک کاریگەری خراپ لەسەر دەرونی کەسوکاریان دروست بکات"، بە ڕێژەی (٦٦.٦٧٪)پلەی یەکەمی وەرگرتوە، هەروەها برگەی "پابەندە بە بڵاونەکردنەوەی وێنە و ناوی ئەو منداڵانەی ڕوبەڕوی پێشێلکاری بونەتەوە، یاخود کارێکی پێچەوانەی یاسایان ئەنجامداوە"، بە ڕێژەی (٦٦.٥٤٪) لە پلەی دوەمدا دێت. برگەی "پابەندە بە بڵاونەکردنەوەی ناوزڕاندن و خراپە خستنەپاڵ و جنێودان"، بە ڕێژەی (٦٥.١٠٪) لە پلەی سێیەمدایە. برگەی "پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان پێشێلی مافی دانەرانی دەکەن" لە دواین پلە دێت بە ڕێژەی (٥٣.٧٣٪). لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی لەم خشتەیەدا خراونەتەڕو، ناوەندی ژمێریاریی بریتییە لە (٣.٠٠) و لادانی پێوانەیی (١.١٥) لەگەڵ کۆی گشتی ڕێژەی لەگەڵ بون کە دەگاتە (٥٩.٣٨٪). بەمەش دەکرێ بڵێین پێوانەی لیکرتی لە ئاستێکی نزمدایە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

لێرەدا دەردەکەوێت، کە نمونەی توێژینەوە بەشێوەیەکی گشتی وای دەبینێت پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان پابەندی بەرپرسیارێتیی یاسایی بونە، سەربارى ئەوەی هەندێ کات ئەو پێگانە لادانی ئیتیکیان هەبوە.

### ٨- بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی:

**خشتەی(٨)**

دووبارەبونەوەی ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەی و ڕێژەی لەگەڵ بو لە ڕادەی پابەندبونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای نمونەی توێژینەوە دیاردەکات

| ژ | پێوەرەکان | هیچ لەگەڵیدانیم | | لەگە ڵیدا نیم | | نازانم | | لەگەڵدام | | زۆر لەگەڵیدام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵ بوون٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | |
| 1 | پارێزگاری لە شوناسی کولتووری کورد دەکات. | 21 | 13.7% | 37 | 24.2% | 18 | 11.8% | 48 | 31.4% | 29 | 19.0% | 3.18 | 1.358 | 63.53% |
| 2 | بڵاونەکردنەوەی هەواڵ و وێنەی دژ بە ئادابی گشتی. | 21 | 13.7% | 46 | 30.1% | 18 | 11.8% | 47 | 30.7% | 21 | 13.7% | 3.01 | 1.310 | 60.13% |
| 3 | ڕەچاوکردنی مافی جەماوەر بۆ زانین. | 24 | 15.7% | 55 | 35.9% | 27 | 17.6% | 33 | 21.6% | 14 | 9.2% | 2.73 | 1.226 | 54.51% |
| 4 | ڕووماڵکردنی بەرفراوانی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان و شرۆڤەکردنیان. | 13 | 8.5% | 76 | 49.7% | 23 | 15.0% | 28 | 18.3% | 13 | 8.5% | 2.69 | 1.127 | 53.73% |
| 5 | بڵاوکردنەوەی پێشێلکارییەکانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەسەڵاتدارەوە. | 17 | 11.1% | 67 | 43.8% | 22 | 14.4% | 28 | 18.3% | 19 | 12.4% | 2.77 | 1.233 | 55.42% |
| 6 | هۆکارێکن بۆ پەرەسەندنی توندوتیژیی خێزانی لە هەرێمی کوردستان. | 25 | 16.3% | 65 | 42.5% | 25 | 16.3% | 31 | 20.3% | 7 | 4.6% | 2.54 | 1.124 | 50.85% |
| 7 | گرنگیدانی تەواو بە پرسەکانی ڕای گشتی و ئاوڕدانەوە لە چین و توێژە پەراوێزخراوەکان. | 15 | 9.8% | 56 | 36.6% | 23 | 15.0% | 45 | 29.4% | 14 | 9.2% | 2.92 | 1.192 | 58.30% |
| 8 | بڵاوکردنەوەی ناوەرۆکە وروژێنەرەکان(هەواڵی سێکسی و ئابرووبەر). | 17 | 11.1% | 39 | 25.5% | 30 | 19.6% | 47 | 30.7% | 20 | 13.1% | 3.09 | 1.237 | 61.83% |
| 9 | بەرگری ناکات لە ئازادییە گشتییەکان(هزر، بیروباوەر،ئازادیی ڕادەربڕین). | 18 | 11.8% | 48 | 31.4% | 26 | 17.0% | 47 | 30.7% | 14 | 9.2% | 2.94 | 1.210 | 58.82% |
| 10 | کاردەکات لەسەر بڵاوکردنەوەی بنەماکانی دیموکراسی و حکومڕانیی باش. | 11 | 7.2% | 48 | 31.4% | 28 | 18.3% | 46 | 30.1% | 20 | 13.1% | 3.10 | 1.193 | 62.09% |
| 11 | ڕۆڵی لە ئاشکراکردنی پێشێلکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. | 19 | 12.4% | 69 | 45.1% | 15 | 9.8% | 37 | 24.2% | 13 | 8.5% | 2.71 | 1.207 | 54.25% |
| 12 | هەموو بۆچوونە جیاوازەکانی پەیوەست بە بابەتەکە ناگوازێتەوە. | 22 | 14.4% | 62 | 40.5% | 31 | 20.3% | 29 | 19.0% | 9 | 5.9% | 2.61 | 1.125 | 52.29% |

لەم خشتەیەدا، کە تایبەتە بە ڕادەی پابەندبونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای نمونەی توێژینەوە، زۆرینەی نمونەی توێژینەوە لە برگەی "پارێزگاری لە شوناسی کولتوری کورد دەکات"، بە ڕێژەی (٦٣.٥٣٪) پلەی یەکەمی وەرگرتوە، هەروەها برگەی "کاردەکات لەسەر بڵاوکردنەوەی بنەماکانی دیموکراسی و حکومڕانیی باش"، بە ڕێژەی (٦٢.٠٩٪) لە پلەی دوەمدا دێت. برگەی "بڵاوکردنەوەی ناوەرۆکە وروژێنەرەکان (هەواڵی سێکسی و ئابروبەر)"، بە ڕێژەی (٦١.٨٣٪)لە پلەی سێیەمدایە. برگەی "هۆکارێکن بۆ پەرەسەندنی توندوتیژیی خێزانی لە هەرێمی کوردستان" لە دواین پلە دێت بە ڕێژەی (٥٠.٨٥٪).

لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی لەم خشتەیەدا خراونەتەڕو، ناوەندی ژمێریاریی بریتییە لە (٢.٨٦) و لادانی پێوانەیی (١.٢١) لەگەڵ کۆی گشتی ڕێژەی لەگەڵ بون کە دەگاتە (٥٧.١٥٪). هەروەها لێرەشدا دەکرێ بڵێین پێوانەی لیکرتی لە ئاستێکی نزمدایە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**٩--هۆكارەكانی پێشێلكردنی ئیتیكی پیشەیی:**

**خشتەی(٩)**

هۆكارەكانی پێشێڵكردنی ئیتیكی پیشەیی لەلایەن پێگە ئەلیكترۆنییە كوردییەكان لای نمونەی توێژینەوە ڕوندەكاتەوە

| ژ | هۆكارەكان | دوبارە | % |
|---|---|---|---|
| ١ | ناكۆكی و جەمسەرگیریی سیاسی. | 143 | 11.2% |
| ٢ | سیاسەتی نوسین و پاشكۆیەتی بۆ لایەنێكی سیاسی. | 133 | 10.4% |
| ٣ | لاوازیی میدیاكار لە ڕوی پیشەیی و ڕاهێنانەوە. | 134 | 10.5% |
| ٤ | نەبونی یاسایەک بۆ ڕێكخستنی كاری پێگە ئەلیكترۆنییەكان. | 127 | 10.0% |
| ٥ | پابەندنەبون بە میساقی شەرەفی میدیایی لە هەرێمی كوردستان. | 127 | 10.0% |
| ٦ | پاشەكەشەی ڕۆڵ و پێگەی سەندیكای میدیاكارانی كوردستان | 109 | 8.6% |
| ٧ | لاوازیی ژینگەی یاسایی كاری میدیایی. | 134 | 10.5% |
| ٨ | كێبركێ كردن لە پێناو لەپێشینەبونی ڕۆژنامەوانی (السبق الصحفي). | 117 | 9.2% |
| ٩ | هەموارنەكردنەوە و پەرەپێنەدان و كارانەكردنی یاساكانی تایبەت بە میدیا و گەیشتن بە زانیارییەكان. | 122 | 9.6% |
| ١٠ | بونی ئاستەنگ لە بەردەم گەیشتن بە زانیارییەكان و كارنەكردن بە یاسای ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠١٣ تایبەت بەو بوارە. | 128 | 10.0% |
| **كۆی گشتی** | | 1274 | 100% |

لەم خشتەیەدا كە تایبەتە بە هۆكارەكانی پێشێڵكردنی ئیتیكی پیشەیی لەلایەن پێگە ئەلیكترۆنییە كوردییەكان لای نمونەی توێژینەوە زیاتر لە وەڵامێكیان هەڵبژاردوە، بۆیە كۆی گشتی لە (١٥٣) بۆتە (١٢٧٤). برگەی "ناكۆكی و جەمسەرگیریی سیاسی" لەلایەن دەستەبژێری میدیاییەوە بە ڕێژەی (١١.٢٪) پلەی یەكەمی وەرگرتوە، هەروەها هەردو برگەی "لاوازیی میدیاكار لە ڕوی پیشەیی و ڕاهێنانەوە و لاوازیی ژینگەی یاسایی كاری میدیایی" بە ڕێژەی (١٠.٥٪) یەک پلەیان هێناوە و لە پلەی دوەمدا دێن، برگەی "سیاسەتی نوسین و پاشكۆیەتی بۆ لایەنێكی سیاسی" بە ڕێژەی (١٠.٤٪) لە پلەی سێیەمدایە. برگەی "پاشەكەشەی ڕۆڵ و پێگەی سەندیكای ڕۆژنامەنوسانی كوردستان" لە دواین پلە دێت بە ڕێژەی (٨.٦٪).

بە ڕا توێژەر هۆكاری ناكۆكی و جەمسەرگیریی سیاسی لەلایەن دەستەبژێری میدیاییەوە، بە پلەی یەكەم دەگەڕێتەوە بۆ پابەندنەبونییان بە ئیتیكی پیشەیی و بێلایەن نەبونی ڕوماڵی پێگە ئەلیكترۆنییەكان و زاڵبونی گوتاری حیزبی لەجیاتی گوتاری نیشتمانی، بەڵام لە هۆكاری پاشەكەشەی ڕۆڵ و پێگەی سەندیكای ڕۆژنامەنوسانی كوردستان، كە كەمترین ڕێژەی هێناوە، ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە سەندیكا لاینێكی جێبەجێكار نییە و دەسەڵاتی پابەندكردنی دامەزراوەكانی میدیای نییە بەو بنەمایانە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**١٠- ئەو گرفتانەی لە پابەندنەبونی بە ئیتیکی پیشەیی:**

**خشتەی(١٠)**

ئەو گرفتانەی لە پابەندنەبونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی دروست دەبن، لای نمونەی توێژینەوە دیاردەکات

| ژ | دەستەواژەکان | دوبارە | % |
|---|---|---|---|
| ١ | نەمانی متمانەی جەماوەر بە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان. | 125 | 8.3% |
| ٢ | بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بۆ خزمەتکردنی هێزە سیاسییەکان. | 141 | 9.4% |
| ٣ | زیاتر لە یەک هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی کۆمەڵایەتی. | 116 | 7.7% |
| ٤ | شاردنەوە و شێواندنی ڕاستییەکان. | 138 | 9.2% |
| ٥ | لە دەستدانی دەستپاکی و ئەمانەت پاریزیی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان. | 127 | 8.5% |
| ٦ | پشتگوێ خستنی ئەو پرسانەی، کە هاوولاتی پێویستیی بە روماڵکردنە | 119 | 7.9% |
| ٧ | چاوپۆشیکردن لە زێدەڕەوییەکانی بەرپرسی گەندەڵ و بەردەوامبونی گەندەڵی. | 114 | 7.6% |
| ٨ | گەڕانی جەماوەر بەدوای پێگە ئەلیکترۆنییە جێگیرەوەکان بۆ دەستکەوتنی ڕاستییەکان. | 118 | 7.9% |
| ٩ | لادانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی. | 136 | 9.1% |
| ١٠ | لاوازبونی ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە. | 129 | 8.6% |
| ١١ | لاوازبونی ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەو پێیەی دەبێت دەربڕی ڕای گشتیی بێت. | 123 | 8.2% |
| ١٢ | دزەکردنی گوتاری نەیارەکانی کورد بۆ پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە پێناو ئاراستەکردنی ڕای گشتیی کوردی. | 116 | 7.7% |
| **کۆی گشتی** | | 1502 | 100% |

لەم خشتەیەدا کە تایبەتە بە ئەو گرفتانەی لە پابەندنەبونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی دروست دەبن، لای نمونەی توێژینەوە دیاردەکات و زیاتر لە وەلامێکیان هەڵبژاردوە، بۆیە کۆی گشتی لە (١٥٣) بۆتە (١٥٠٢)، برگەی "بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بۆ خزمەتکردنی هێزە سیاسییەکان" لەلایەن دەستەبژێری میدیاییەوە بە ڕێژەی (٩.٤٪) پلەی یەکەمی وەرگرتوە، برگەی "شاردنەوە و شێواندنی ڕاستییەکان" بە ڕێژەی (٩.٢٪) لە پلەی دوەمدا دێت، برگەی "لادانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی" بە ڕێژەی (٩.١٪) لە پلەی سێیەمدایە. برگەی "چاوپۆشیکردن لە زێدەڕەوییەکانی بەرپرسی گەندەڵ و بەردەوامبونی گەندەڵی" لە دواین پلە دێت بە ڕێژەی (٧.٦٪).

بەڕای توێژەر ئەم دەرئەنجامە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زۆرێک لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی حیزبین، نەک بەرژەوندی گشتی، بۆیە نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی پیشەیانە کارە میدیایەکانی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

خۆیان ئەنجام بدەن و پابەندی بنەماكانی ئیتیكی پیشەیی بن. ئەمەش گرفت بۆ پێگە ئەلیكترۆنییەكان دروست دەكات. بە تایبەتی لە ڕوی نەمانی متمانەوە.

## تەوەری چوارەم: ئەنجام و ڕاسپاردەكان

### یەكەم: ئەنجامەكان:

١- زۆرینەی نمونەی توێژینەوە لەگەڵ ئەوەدان ناوەڕۆكی پێگە ئەلیكترۆنییە كوردییەكان تێكەڵێكە لە حاڵەتی پابەندبون بە بنەما ئیتیكییەكان بەتایبەتی لە خستنەڕوی زانیارییەكان و خۆدورگرتن لە گەورەكردنی ڕوداوەكان، هەروەها پابەندنەبون بە بنەما ئیتیكییەكان بەتایبەتی لە پابەندنەبوە  بە خستنەڕوی ڕابۆچونی جیاواز و سەرچاوە زانیارییەكان.

٢- زۆرینەی نمونەی توێژینەوە وای دەبینێت پێگە ئەلیكترۆنییە كوردییەكان پابەندی بەرپرسیارێتیی یاسایی بونە بەتایبەتی لە پابەندبونی بە بڵاونەكردنەوەی وێنەی قوربانییان، سەرباری ئەوەی هەندێ كات ئەو پێگانە پابەندی ئەو بەرپرسیاریەتییە نەبونە بەتایبەتی لەوەی كاری نەكردوە بۆ داواكردنی پەرەپێدانی یاساكان لە هەرێمی كوردستان.

٣- زۆرینەی نمونەی توێژینەوە وای دەبینێت پێگە ئەلیكترۆنییە كوردییەكان پابەندی بەرپرسیارێتیی كۆمەڵایەتی بونە بەتایبەتی لە پارێزگاریكردنی لە كەلتور و شوناسی نەتەوەیی، سەرباری ئەوەی هەندێ كات ئەو پێگانە لادانی ئیتیكیان هەبوە بە تایبەت لەوەی هۆكارێك بونە بۆ بڵاوكردنەوەی ناوەڕۆكە وروژێنەرەكان.

٤- لە ڕوانگەی دەستەبژێری میدیاییەوە ناكۆكی و جەمسەرگیریی سیاسی هۆكاری سەرەكیین لە پابەندنەبونی پێگە ئەلیكترۆنییەكان.

٥- بەڕای زۆرینەی نمونەی توێژینەوە، پابەندنەبونی پێگە ئەلیكترۆنییەكان بە بنەما ئیتكییەكان بۆتە هۆی بەكارهێنانییان لەلایەن پارتە سیاسییەكانەوە بۆ ئامانج و بەرژەوەندییە حیزبییەكان.

### دوەم: ڕاسپاردەكان

### ڕاسپاردەكان:

١- هەوڵدان بۆ گەڵاڵەكردنی میساقێكی شەرەفی هاوبەش لە نێوان پێگە ئەلیكترۆنییە كوردییەكان كە ڕێگە لە دەستوەردانی سیاسی بگرێ بە جۆرێك ئەو پێگانە بەكارنەهێنرێن لە ململانێ و ناكۆكییە سیاسیەكاندا.

٢- ڕاهێنانی میدیاكاران لەسەر بنەماكانی ئیتیكی پیشەیی و بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیارییان سەبارەت بە بەرپرسیارێتیی كۆمەڵایەتی و یاساییەكان.

٣- دامەزراندنی ئەنجومەنێكی میدیایی كە خودان دەسەڵاتی لێپرسینەوە و سزادانی هەر میدیاكار و دامەزراوەیەكی میدیایی بێت، كە پێشێلی بنەما ئیتیكی دەكات لە بەرپرسیارێتیی كۆمەڵایەتی لادەدات.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

# Elite Media Trends Towards the Extent of Commitment of Kurdish Websites to the Ethics of the Profession in the Kurdistan Region - A field Study

**Azad Abdulaziz Mohammed**
Media Department, College of Arts, Salahaddin University, Erbil , Kurdistan Region ,Iraq.
**E-mail:** azad.mohammed1@su.edu.krd

**Tahir Hassu Zebari**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil , Kurdistan Region ,Iraq.
**E-mail:** tahir.zebari@su.edu.krd

**Abstract :**

The study aims to explain and identify the trends of the Kurdish media elite with regard to the level of commitment of Kurdish websites to professional ethics in the Kurdistan Region. This study is a descriptive study in which the survey method was used. The community of this study is consists of the media elite in the Kurdistan Region, whether it is the lecturers in the media departments in the universities and institutes of the region, or the experienced media professionals who are in charge of managing media institutions. The most prominent results of the study are: The majority of the study sample agrees that the content of Kurdish websites is a mixture of adherence to the principles of professional ethics, especially in presenting all the information related to the event and avoiding intentional exaggeration, and also non-compliance with these principles, especially in their lack of commitment to the sources of information contained in the news.

**Keywords:** Trend, Media Elite, Professional Ethics, Websites.

## سەرچاوەکان:

چۆمسکی، نەعۆم(٢٠١٨)، کۆنترۆلکردنی ڕاگەیاندن، و: ئیبراهیم حەمرەش. هەولێر: چاپخانە: ماردین.

دیبۆرا پۆتەر(٢٠٠٧)، ڕێنوینی ڕۆژنامەوانیی بێلایەن، وەرگێران: عەبدولرزاق عەلی. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

ڕاندالْ، دیوید (٢٠١٣)، ڕۆژنامەنوسی پیشەیی، و: بێبەش پیرۆتی. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەلات.

عەلی، حامد محەمەد(٢٠١٩)، گەشتێک بە جیهانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەرییدا: (ڕەوشی مێدیا لە هەرێمی کوردستان). هەولێر: چابخانەی ڕۆژهەلات.

عومەر، هاوژین(٢٠١٢)، ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانی. هەولێر: خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

کەلاری، محمد (٢٠١٣)، میدیا گۆڕان دەخوڵقێنێ. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

٧هستر، ئەلبرت ل،وای لان ج. تو هستر، تو(٢٠٠٧)، ڕابەری ڕۆژنامەنوس لە جیهانی سێیەمدا، وەرگێرانی: حەسەن عبدالکریم. هەولێر: دەزگی تویژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

امين، رضا عبدالواجد(٢٠٠٧)، الصحافة الالكترونية. القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع.

اسماعيل، ابراهيم (٢٠١٤)، الاعلام المعاصر: وسائل، مهاراته، تاثيراته، اخلاقياته. الدوحة:

الفلحي، محمد(٢٠١٦)، النشر الالكتروني، الطباعة والصحافةالالكترونية والوسائط المتعددة. عمان: دار المناهج للنشر والتوزيع.

المشاقبة، بسام عبدالرحمن(٢٠١٢)، أخلاقيات العمل الاعلامي. عمان- الاردن: دار أسامة للنشر والتوزيع.

الدليمي، عبد الرزاق محمد(٢٠١٢)، الخبر في وسائل الإعلام، عمان: دار المسيرة للنشر و التوزيع.

الدليمي، عبدالرزاق محمد(٢٠١٠)، فن التحير الاعلامي المعاصر. عمان: دار جرير للنشر والتوزيع.

الدليمي، عبدالرزاق محمد(٢٠١١)، الصحافة الالكترونية والتكنولوجيا الرقمية، عمان: دار الثقافة للنشروالتوزيع.

ابو عيشة، فيصل(٢٠١٤)، الاعلام الالكتروني، عمان: دار اسامة للنشر والتوزيع.

السماسيري، محمود يوسف(٢٠٠٨)، فلسفات الاعلام المعاصرة: في ضوء المنظور الاسلامي. فرجينيا: المعهد العالمي للفكر الاسلامي و مكتبه مؤمن قريش.

الفلاحي، حسين علي إبراهيم(٢٠١٩)، التفاعلية وما بعد التفاعلية في الإعلام الجديد. العين: دار الكتاب الجامعي.

الفلاحي، حسين علي(٢٠١٤)، الاعلام التقليدي والاعلام الجديد. عمان: دار غيداء للنشر والتوزيع.

الفيصل، عبدالامير(٢٠٠٦)، الصحافة الالكترونية في الوطن العربي. العين- الامارات العربية المتحدة: دار الكتاب الجامعي.

العزي، خالد(٢٠٢٠)، التشريعات الاعلامية واخلاقيات المهنة. سورية: من منشورات الجامعة الافتراضية السورية.

بن مسعود، المعز(٢٠١٩)، "أخلاقيات الصحافة الإلكترونية العربية: رؤية جديدة للممارسة المهنية." مركز الجزيرة للدراسات.

خليل، وائل رفعت(٢٠١٥)، اشكاليات الاعلام ومعطيات الواقع. عمان: دار غيداء للنشر والتوزيع.

صالح، سليمان(٢٠٠٧)، ثورة الإتصال وحرية الإعلام، دبي: دار الفلاح للنشر والتوزيع.

عودة، ماهر، وآخرون(٢٠١٥)، الاعلام الرقمي الجديد، عمان: دار الاعصار العلمي للنشر والتوزيع.

عودة، ماهر، وآخرون(٢٠١٥)، احلاقيات المهنية الاعلامية، عمان: دار الاعصار العلمي للنشر والتوزيع.

فريدة، بن عمروش، وحميدي حياة(٢٠١٩)، التنظيم القانوني للاعلام الرقمي في الجزائر -بين النصوص القانونية والممارسة العملية، شبكة المؤتمرات العربية.

قريعي، احمد موسى(٢٠١٨)، ضمير الصحافة، ط٢، القاهرة: مكتبة جزيرة الورد.

كنعان، علي عبد الفتاح(٢٠١٤)، الصحافة الإلكترونية في ظل الثورة التكنولوجية، عمان: دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع.

كنعان، علي عبدالفتاح(٢٠١٤)، الصحافة الالكترونية العربية، عمان: دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع.

محمد، ابو سمرة(٢٠٠٩)، الاعلام المهني، عمان: دار الراية للنشر والتوزيع.

مزيد، رحيم(٢٠١٣)، اخلاقيات الاعلام الجديد. دهوك: مطبعة محافظة دهوك.

رضا، عدلى سيد محمد(٢٠١٢)، اخلاقيات الاعلام في عصر العولمة، كراسات صحفية واعلامية، العدد الثالث، معهد الاهرام الاقليمي للصحافة، القاهرة.

العتيبي، ماجد بن فيحان (٢٠١٦)، المسؤولية الأخلاقية للإعلام الجديد في مواقع الصحف الإلكترونية في المملكة العربية السعودية/دراسة ميداينة، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية، كلية العلوم الاجتماعية، قسم الاعلام، الرياض: .

شهرزاد، بن عمار(٢٠١٩)، اخلاقيات الممارسة الصحفية في ظل الميديا الجديدة- دراسة ميدانية تحليلية على عينة من الصحفيين الجزائريين، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة عبدالحميد بن باديس- مستغانم، كلية العلوم الاجتماعية، قسم العلوم الانسانية، الجزائر.

Baran، Stanley J( 2014), Introduction to Mass Communication Media Literacy and culture، Eighth Edition. New York: McGraw-Hil.

Burns، Lynette Sheridan( 2002), Understanding Journalism. London: SAGE.

Patterson، Wilkins، Painter، Philip، Lee، Chad( 2019), Media Ethics: Issues and Cases، Ninth Edition. Lanham، Boulder، New York، London: Rowman & Littlefield.

Potter، Deborah. (2006), Handbook of Independent Journalism. USA: Bureau of International Information Programs، U.S. Department of State no place to publish.

Reyman ،Sparby، Jessica، Erika M.(2020), Digital Ethics: Rhetoric and Responsibility in Online Aggression. New York and London: Routledge.

Schultz، Julianne. (1994), Not just another business: Journalists، citizens، and the media. Sydney: Pluto Press.

Solangi, iftikhar, Muhammad Wasil, Khuwarzam(2018). "Practices of Electronic Media and It’s Alignment with Code of Ethics." International Journal of Scientific & Engineering Research, Volume 9, Issue 7.